# ڕیشەکێشکردنی بەعس.. درۆیەکی سیاسی لەپێناو سازاندا!

خەسرەو سایە k.saya@ukonline.co.uk

کۆنگرەی قاهیرەو دواتریش هاتنه پیشەوەی دادگایی صدام، یەکجاری تر باسی "ریشەکیشکردنی بەعس"ی لەنیو دەزگاکانی راگەیاندندا لەلایەن سەرانی حکومەتەکەی جەعفەری – تالەبانی وحیزبو لایەنەکاندا خستۆتەوه روو. لەئەمریکاو نوینەرانیەوه تادەستەوتاقمی رەنگاورەنگی ئیسلامی بە"شیعی وسونی"و عولەماکانیانەوه، تەنانەت چ ئەوانەی لەدەسەلاتدان وچ ئەوانەی خۆیان بەبەرەی ئۆپۆزسیۆن دەزانن، تادەگات بە ئەحزابی قەومی کورد.. هەموویان باسیان له ریشەکیشکردنی بەعسه. بەلام دید وبۆچوونو ئامانجی ئەمانه لەمبارەوه چونیەك نىیه وهەریەکه بەپێی مەرامی خۆی ریشەکیشکردنی بەعسی خستۆتەت نیو پیناسەیەکی تایبەت بەخۆیەوه. ئەوەی لەم نیوەدا بەرجەستەیه سازکردنی درۆیەکی سیاسی ترو سازانیکی ئەم لایەنانەیه لەگەل پاشماوەکانی بەعس خویدا. کەوایه بابزانین ناوەرۆکی ئەم درۆسیاسیىیە لەچیدایه؟ ماناو مەرامی هەریەك لەلایەنەکان له ریشەکیشکردنی بەعسدا چىیه؟ وه لەبەرامبەر ئەمانەدا ئیمە کۆمۆنیستەکانو جەماوەری خەلك چ ماناو مەرامیکیمان لەمەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعسدا هەیه... ئەمانه ئەوپرسیارانەن کەلیرەدا هەولدەدەین وەلامیان پیبدەینەوه. بەلام سەرەتا خستنەرووی پیشینەیەکی کورت پیویسته.

## پیشینەی باسی ریشەکیشکردنی بەعس:

بەدوای روخانی رژیمی بەعس وپیکهاتنی حکومەتی ئینتقالی "ریشەکیشکردنی بەعس" وەك یەکیك لەو مەسەلانەی کەپیویسته بۆ تیپەراندنی سیستەمی دەسەلاتداریتی رابردوو و هەروەها هەنگاونان بۆ سازدانەوەی دەولەت ودەسەلاتی نوی لەعیراقدا، هاته کایەوه. بەلام ئەم مەسەلەیه لەبنەرەتەوه لەچوارچیوەی پرۆژەی "دیموکراتیزه کردنی عیراق" ودامەزراندنی دەسەلاتیك کەئەمریکا خوازیاریەتی پیناسەی بۆکراو بەم پییەش چوارچیوەیەکی قانونی پیدرا. دواتریش ئەمه فرسەتی دایه دەست لایەنەکانی بەشدار له حکومەتی ئینتقالیدا، تابریاربدەن لەسەر پیکهینانی لیژنەو هەیئاتی قانونیو حکومی بەناوی "ریشەکیشکردنی بەعس"ەوه. گوایه لەم ریگایەوه گەرەکیانه ئالۆگۆری قانونیو ئیداری وتەنانەت ئالوگۆر له جوگرافیای سوکانی وسیستەمی ئابووریو مافو ئازادییەکان بەجۆریك بهیننەکایەوه که کۆمەلگای عیراق بەرەو تەجاوازکردنی یەکجاری رژیمی بەعس بەری.

بەلام پرۆژەی "گۆرینی رژیم" لەلایەن ئەمریکاوه ئالوگۆریك نەبوو لەسەرەوه تابەلابردنی رموزەکانی دەسەلات وهینانی کەسانی تر بۆشوینیان ریگای قانونی وئیداری بۆ ریشەکیشکردنی بەعسو تەنانەت چاکسازی تیایدا لەبەرچاوبگیری، بەلکو ئەوەی ئەمریکا دەستی بۆبرد جەنگیك بوو که تەواوی بناغەکانی دەولەتو کۆمەلگای لەبەریەك هەلوەشاندەوەو دەرگای فەوزایەکی سیاسی وکۆمەلایەتی لەنیو تیرۆرو نائەمنیو پیکدادانی نیوان دەستەو تاقمی چەکداردا خسته سەرپشت وبواری ئەوەی نه بۆخەلك ونەبولایەنەکان هیشتەوه تا مەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعس لەیەك کیشمەکیشی سیاسیدا ببریننەوه. بۆنمونه بریاری هەلوەشاندنەوەی سوپای عیراقی لەلایەن بۆل بریمەرەوه هەنگاویك بوو بۆ ریشەکیشکردنی بەعس، بەلام دەبینین ئەنجامی ئەوەی لیکەوتەوه کەپاشماوەکانی رژیم لەچوارچیوەی میلیشیای چەکداری ئەحزابی ئیسلامی وقەومیداو لەوبەرەیه لەتیرۆریستاندا خویان بگیرسیننەوه کەبەناوی "بەرەی مقاوەمەت لەدژی ئیحتلال"ەوه خویان ئاشکراکردووه. لەلایەکیتریشەوه خودی پیکهاتی سیاسیو وماهیەتیك کەلایەنەکانی بەشدار لەحکومەتی ئینتقالیدا هەیانه، مەسەلەی ریشەکیشکردنی رژیمی بەعس بۆیان بووه بابەتیکی تەبلیغاتی وسیاسی بۆ تۆلەسەندنەوەو راکیشانی مەشاعیری ئەم یان ئەو تایەفەو قەومو تیره بۆلای خۆیان وهاوکات بۆبردنەسەری بالانسی سیاسیان لەبەرامبەر ناسیونالیزمی شکستخواردوی بەعسىدا. بەم شیوەیه ریشەکیشکردنی بەعس لەچوارچیوەی دورخستنەوه ودادگایی کردنی بەشیك له رموزەکانو دەستبردن بۆهەندی قەراراتی روالەتی ئیداریدا هیلدراوەتەوه. بەلام بۆرۆشنایی خستنه سەری زیاتری ئەم مسەلەیه، باشتره کەمیك سەرەنج بدەینه هەلسوکەوتو بۆچوونی هەریەك له لایەنەکان.

## ئەمریکاو حکومەتی جەعفەری-تالەبانی و ریشەکیشکردنی بەعس:

ماناو هەلویستی ئەمریکاو لەویشەوه حکومەتی ئیستای جەعفەری- تالەبانی لەبەرامبەر مەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعسدا پشتی داوه به رەخنه وسیستەمیکی سیاسی لیبرالیزمانەوه کەدەسەلاتدارانی ئەمریکایی لەبەرامبەر رژیمی بەعسدا لەسالانی رابردوودا، بەچەند زمان بەیانیانکردووه. لەم سیستەمەدا دژایەتی کردنی بەعس هیچ کات لەوه تیپەری نەکردووه کەرموزەکانی ئەم رژیمه بکاته هەدەفی خۆی. تەنانەت لەسیستەمی ئەمریکادا، لەکاتیکدا کەخیلافاتو دژایەتی کردنەکان بەرامبەر به رژیمی بەعس گەیشتۆته ئەوپەری خۆی، ئامانج هەرئەوەبووه هەیئەی دەسەلاتداریتی حکومەتی بەعس لابچیو تاقمیکی پیرەو ئەمریکایی بیته شوینی. خەست کردنەوەی دژایتی کردنەکان بەتەنها لەبەرامبەر شەخصی صدامو دەست وپیوەندەکانی وکردنی ئەمانه بەنیشانەیەك بۆ رووخانی رژیم وتەنانەت ریشەکیشکردنی بەعس، ئەمه ئەو شتەیه کەئەمریکا لەتەواوی چەند سالی کیشمەکیشی خویدا پەیرەوی لیکردووه. بلاوکردنەوەی وینەی صدامو 50 وچەند کەسی تر لەدەست وپیوەندەکانی لەسەردەمی جەنگدا، سەلمینەری ئەوەیه کەئەمریکا گرفتیکی ریشەیی نىیه لەگەل سیستەمی دەسەلاتداریتی وئابووری بەعسیزمدا. هەربۆیه ریشەکیشکردنی بەعس بەلای ئەمریکاوه بریار نىیه سیستەمه ناسیونالیستىیەکان لەبازاری ئارایشتدانەوەی دەولەتدا تەنانەت بەناوی دیموکراتیزه کردنیشەوه لەدەستور دەرکیشری. تەنانەت بریارنىیه ئەمریکا بەناوی ریشەکیشکردنی بەعسەوه لەعیراقدا رژیمیکی لیبرالیزمانەی هاوشیوەی خۆی دامەزرینی. بەلکو ئەوەی ئەو مەبەستیەتی ئالۆگۆریکه کەلەگەل سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا بیتەوه وئەمەش لەسەرحسابی راگرتنو هیشتنەوەی بناغەکانی نەزمو نیزامیك که ناسیونالیزمو بەعس لەسەری راوەستاوه.

تائەوجیگەیەشی بەحکومەتی ئیستا دەگەریتەوە، مەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعس ئەگەرچی لەسەرەتادا بۆئامانجی بەلاداخستنی حساباتیکی سیاسی فراوانو کونی هەردووبالی پیکهاتووی ناسونالیزمی کوردو شیعەکان بەدەستەوە گیرا، بەلام دواتر لەژیر فشاری بارودۆخەکانی ئیستای عیراق ولایەنە نەیارەکانی حکومەت وفشاری ولاتانی عەرەبی، نەیتوانی نەك هەر پی لیرابکیشی، بەلکو تەسیلم بەئاستیك بووە کەکەمترە لەوەی ئەمریکا گەرەکیەتی لەریگای ریشەکیشکردنی بەعسەوە بەدیبهینی. لەراستیدا حکومەتی ئیستا بەناو حکومەتەو خوی لەخۆیدا هەلگری هیچ پەیکەرەو سیستەمیکی ئیداری وئابووری وبەریوەبردنو خەدەماتی کۆمەلایەتیو قانونی نیە وتوانای جیگیرکردنی ئارامیو ئاسودەیی نیە نەك بۆخەلکی بەلکو بۆخودی کاربەدەستانی خۆشی. هەربۆیە زوو لەوە حالی بوو کەناتوانی بەناوی ریشەکیشکردنی بەعسەوە دەست لەکەنالو ماتریالەکانی حکومەتی پیشوو هەلگریو پەنا نەباتەوە بەرهەمان میکانیزمو هەیلکەلەیەك کەلە حکومەتی بەعسەوە ماوەتەوە. گیرانەوەی بەشیکی زۆر لە کاربەدەستانی حکومەتی پیشووی بەعس بۆنیو حکومەتی ئینتقالیو پرکردنەوەی ئیداراتو بەریوەبەریتیەکان، بەناوی "پاشەلپاکی" و "کەسانی تەکنۆکرات" وشارەزا، هاوکات هینانەوەی ئەفسەرانو پۆلیسو کاربەدەستانی دەزگاکانی موخابەراتی حکومەتی بەعس بەمەبەستی پرکردنەوەی بۆشاییەکانی دەسەلات، بەپیویست حکومەتی تالەبانی وجەعفەری ناچارکرد کەئەم پیکهاتوانەو ئەم بەشە لەپاشماوەکانی بەعس لەمانای ریشەکیشکردن دەرکەنو لە "مەحاسەبەی رموزەکانی بەعس"دا بیهلینەوە. پیوانەیەکیش بۆئەمە هەرئەوەیە کە تالەبانی وجەعفەری وسەرانی تری حکومەتەکەیان بەگوێی کۆمەلگادا داویانە. یانی ئەوەی کەئەوان "هەموو بەعس لابەلاناکەنەوە" بەلکو تەنها ئەوانەیان نەبیت کەدەستیان لەخوینی خەلکیدا سورکردووە!! گوایە بەعس ورژیمەکەی بەرهەمی تەنها تاقمیکی خوین ریژە، نەك یەك سیستەمی سیاسی وقانونیو ئابووری، فەرهەنگی، کەلەسەر ئیستبدایکی رەشی قەومی ورژیمیکی ئابووری زالمانەو فەرهەنگیکی فاشیستی وکۆنەپەرستانە، بەزیندان وسوپا وپۆلیسو مخابەراتو چەکی کیمیاییو سەرکوتو خورافاتی ئاینیو بەریوەبەرایەتیەکی موفسیدەوە راوەستاوە. بەلام ئەمە هیشتا واقعیەتی حکومەتی ئیستاو مانای ریشەکیشکردنی بەعس بەتەواوی نادات بەدەستەوە، بەتایبەتی کەپرۆسەی "موصالەحەی سیاسی" نیوان حکومەتو نەیارانی کەلەنیویاندا پاشماوەکانی بەعسو ناسیونالیزمی عەرەبی سەنگەری لیداوە، مەسەلەی سازانو راکیشانی دەستیك بۆ هینانەوەی ناسیونالیزمی بەعس، تەنانەت بەرموزەکانیەوە، بۆتە حالەتی ئەمری واقیع. چونکە ئەمە تەنها هۆیەکە بۆ دەرکیشانی حکومەتی ئیستا لەگیژاوی نائارامی وتیرۆریزمیك کەتادیت دامینەکانی فراواندەبیتەوە. ئامادەبوونی تالەبانی بۆدانوسان لەگەل نەیارانی بەناو "مقاوەمەچیان" وهاوکات تەصریحاتەکانی ئەم دوایانەی جەعفەری سەبارەت بەبچوککردنەوەی ریشەکیشکردنی بەعس بۆسەر ئاستی ئەوانەی تاوانیان هەیە، هاوکات خودی دادگاییەك کە بۆصدامو دەست وپیوەندەکانی هەلخراوە، نیشان ئەدەن کەمەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعس لەدرۆیەکی پوچەوە بەرەو تەنازولاتیکی سیاسی رۆشن لەگەل پاشماوەکانی بەعسدا مل دەنی.

## ئیسلامی سیاسی وریشەکیشکردنی بەعس:

مەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعس بۆ ئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی خالی پیچەوانەو تەماسی لەخۆیدا هەلگرتووە. ئیسلامی سیاسی کە وەك بزوتنەوەیەکی جیاواز لەناسیونالیزمی بەعس خوی دەناسینی، لەشکستی بەعسو رووخانی رژیمەکەیدا، چوونەسەری بالانسی رەوتەکانیو مەترەحبوونی وەك بزوتنەوە و رەوتی بەدیل خۆی لەلیستی ئەحزابە سیاسیەکانی نیوکۆمەلگادا دەبینیتەوە. هەربۆیە مەسەلەی ریشەکیشکردنی بەعس مەیدانیکی پیچەوانە دەخاتەروو کە بۆ راگرتنی ئەم هەلکشانەو ئەم مەوقعیەتە پیویستە. بەلام ئیسلامی سیاسی لەدووسەرەوە ناتوانی هیزیکی سەرەکی بیت بۆ ریشەکیشکردنی بەعس و بەعسیزم لەعیراقدا: یەکەمیان بەوهۆیەوە کە ناسیونالیزمی بەعس، کەلەبناغەوە پایەیەکی خۆی لەسەر ئیسلامو شەریعەتی ئیسلامی و سوونەتەکانی دامەزراندووە و ئەمەشی کردۆتە سەرچاوەیەك بۆ ماناو پیناسەکردنی سیستەمی حوکمرانی لەعیراقدا. حالەتیکی ئاواش بەپیویست هیلی تەماس لەگەل ئیسلامی سیاسیدا دادەمەزرێنی کە قابیلی رەتکردنەوە نیە. دامەزراندنی شەبەکەی مزگەوتەکانو وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئاینی، تا کارمەندکردنی مەلاو رەسمیەتدان بەشەعائیرە دینیەکانی ئیسلام وبەری خستنی حەملە ئاینیەکان، تا چەسپاندنی ئیسلامو شەریعەت وەك سەرچاوەیەکی قانونی لەدەستوری ولاتو پیناسەکردنی کاروباری کەسایەتی وهەروەها لەبوارەکانی پەروەردە وفیرکردندا.. هەمووئەمانە کەلەلایەن رژیمی بەعسەوە بەرهەمهاتوون، سەرچاوەیەکی گەورەو ئینکار نەکراویان پیشکەش بەئیسلامی سیاسی و رەوتەکانی کردووە وسادە نیە هەروا بەناوی ریشەکیشکردنی بەعسەوە بازیان بەسەردا بدریت.. دووەمیش، ئیسلامی سیاسی بزوتنەوەیەکی نایەکگرتووەو چەندین تایەفەو بالی سیاسی لەخویدا کۆکردۆتەوە. ناسیونال ئیسلامی، ئیسلامی نیشتمانی و دژی داگیرکاریو بال وریبازی راوەستانەوە بەرامبەر بەئەمریکا، تەیفیکی بەرین لەئیسلامی "سونیو وەهابی"و ئەوانەی باسی خاكو نیشتمان و وەدەرنانی هیزەکانی ئەمریکا لەریگای دریژەدان بەجەنگو شەرەوە دەکەن، دەگریتەوە، کەبەگشتی هەموویان تیکەلاون لەگەل پاشماوەکانی رژیمی بەعسدا. لەم حالەتەشدا ریشەکیشکردنی بەعس بۆ ئیسلامی سیاسی بەمانای رووبەرووبوونەوەیە لەگەل ئەم بالو رەوتانەی نیودەرونی خۆی. ئەمەش دیسانەوە کاریکی ئەستەمەو مانای ریشەکیشکردنی بەعس بۆ ئیسلامی سیاسی پوچدەکاتەوە ولەئاستیکی تەبلیغاتی ودەستبردن بۆ تەصفیەی هەندیك لەرموزە ئاشکراکانی بەعس بەرتەسکی دەکاتەوە.

## ناسیونالیزمی کورد وریشەکیشکردنی بەعس:

لەروالەتدا دژایەتی ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی لەگەل رژیمی بەعسو پاشماوەکانی مەسەلەیەکی نەبراوەیە. تەبلیغاتی رژۆانەی ئەم حیزبانە بۆ لەقاودانی بیروای خەلك لەبەرامبەر میژووی رژیمیکدا سەرەکیترین بایەتی کارکردنە وخۆناساندنی ناسونالیزمی کوردە. بەلام میژووی ئەم بزوتنەوەیەو تەجروبەی سیستەمو دەسەلاتیك کەنزیکەی 15 سالە لەکوردستان نیشانیانداوە، پوچی داوای ریشەکیشکردنی بەعس لەلایەن ئەمانەوە دەخاتەروو. بەتایبەتی لەماوەی 15سالەی رابردوودا کە کوردستان بەسەربەخۆو دوور لەدەسەلاتی رژیمی بەعس بووە، فرسەتی ئەوە لەئارادابووە کە نمونەیەك لەدەسەلاتو حوکمرانی دابمەزریت کە نەك هیچ ئاسەواریك بۆ رژیمی بەعس نەمینیتەوە، بەلکو نمونەیەکی ئینسانی وپیشکەوتوو نیشانی عیراقو ناوچەکە بدری. بەلام بەپیچەوانەوە ناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی خۆیان بونەتە واریسی رژیمو

سیستەمیك كە بەعس لەعیراق‌و كوردستاندا دایمەزراندووە. راوەستان لەسەر دامەزراوەو سیستەمی بەریوەبەرایەتی‌یەكانی وەك شارەوانی، دادگا، زیندان، پۆلیس، ئاسایش، زەریبە وكونترۆلكردنی نرخ‌و بازارو خزمەتگوزاری‌یەكان تادەگات بەخودی وەزارەتەكان.. هەروەها هیشتنەوەی هەمان سیستەمی پەروەردەو فیركردنی بەعس‌و یاساكانی لەكوردستان لەوانە یاسای باری كەسایەتی، مەحكەمەی تەمییزو سزاو.. هەموو ئەمانە تەنانەت بەدوای رووخانی رژیمیشدا لەشوینی خۆیان ماون و تائیستاش كاریان پیدەكری. لەلایەكی‌ترەوە رموزی بەعس سالانیكی زۆرە لەنیو سەركردایەتی ئەحزابی ناسیونالیستی كورددا جیگایان هەبووە و هەیە. ئاشكرابوونی سەرانی خاوەن "فایلی رەش" بەلگەی ئەوەن كە ناسیونالیزمی كورد تەنانەت ناتوانی ریشەكیشكردنی بەعس تائاستی رموزەكانیشی بەریت چونكە ئەمە بەپلەیەك یەخەی خۆی دەگریتەوە. بەم حالەوە تەنها هونەریك كەئەگەر لەباسی ریشەكیشكردنی بەعسەوە بمینیەتەوە، بەرهەمهینانەوەی ئەقلەیەتی پیچەوانەو فاشیستیانەی "قەومی-بەعسی" یە كەلەبەرامبەر خەلكی عەرەبزمان‌و توركمان وئەوانی تردا رۆژانە تەبلیغی بۆدەكری. داواكاری بۆ وەدەرنانی "عەرەبە هاوردەكان" وپەراویزكردنی "توركمانەكان".. بەلگەی ئەوەن كە باسی ریشەكیشكردنی بەعس بۆ ناسونالیزمی كورد هەرئەوەیە كەهانی خەلكی كوردزمان بدات لەیەك كیشەو دەعوای نەبراوەی قەومیدا بمیننەوە، بەخاتری ئەوەی ئیمتیازی زیاتر بۆ بۆرژوازی كورد مسوگەرببیت.

## ریشەكیشكردنی بەعس ویەك ئەنجامی هاوبەش:

درۆكردن وفریودان‌و چاوبەستكردنی خەلكی لە راستی‌یەكان خاسیەتیكی هەمیشەیی هەر رەوتیكی بۆرژوازی‌و بان خەلكی‌یە. . ئەوەی لەئەنجامی ئەو باسەی سەرەوەدا دەكری بەراشكاوانە بلیین ئەوەیە كەمەسەلەی "ریشەكیشكردنی بەعس" بۆهەموو ئەو لایەنانەی ئاماژەیان پیدراوە داتاشینی درۆیەكی سیاسی‌یەو بۆ چاوبەستكردنی خەلكە، ئەمانە دەیانەویت لەیەك دەرگاوە بەعس ببەنەدەرەوە ولەسەدان پەنجەرەوە بیهیننەوە نیومالی خەلكی. بەتایبەتی ناوەرۆكی سیاسەت‌و بەرنامەو ئالتەرناتیڤی ئەم لایەنانەی كە باسی ریشەكیشكردنی بەعس دەكەن، شتیكی پیچەوانەی ماهیەتی رژیمی بەعس‌و ناسیونالیزمی بەعسی نی‌یە. سەپاندنی دەستوریكی ئیسلامی وقەومی، تاراگرتنی سیستەمەكانی بەریوەبردن وزیندان‌و پۆلیس‌و پەروەردەم وفیركردن‌و خزمەت گوزاری‌یەكان، تادەگات بە هیشتنەوەی هەمان سیستەمی ئابووری‌و كۆمەلایەتی.. هەموو ئەمانە نیشان ئەدەن كە ئەم لایەنانە نەك بەعس ریشەكیش ناكەن بەلكو خۆیان بوونەتە جیگری ئەو رژیمەی بەعس دایمەزراندووە.

بەلام جگەلەم درۆیە لەباسی ریشەكیشكردنی بەعسدا سازانیكی ئاشكرا لەگەل پاشماوەكانی ئەم رژیمەو سازان لەگەل رموزەكانی بەعس‌و سەرانی لەئارادایە. كۆنگرەی تەوافق لەقاهیرە وبانگەوازی تالەبانی بۆ دانوسان لەگەل بەرەی بەناو"مقاوەمەدا" نیشان ئەدات كە راكیشانەوەی ناسیونالیزمی بەعسی عەرەبی بۆنیو ساحەی سیاسی عیراق تەنانەت لەشیوەی ئەحزابی سیاسی‌دا، شتیكی بەدوور نی‌یە. بەعس وپاشماوەكانی نمونەیەك لە ناسیونالیزمی عەرەبی‌یە، "عیراقی هەمەرەنگ" و "هەمەنەتەوە" كەئەمریكاو دەست‌و پیوەندەكانی لەعیراقدا كردویانەتە باو ناتوانی حەزفكردنی بەعس‌و رژیم‌و ئالتەرناتیڤەكانی بیت. بەتایبەتی لەدنیای ئەمرۆدا كە ناسونالیزمی عەرەبی تەنانەت بەشیوە بەعسی‌یەكەی بەشیكی گەورەیان لە دنیای عەرەب‌و دەسەلاتداریتی داگیركردووە. هەربۆیە داواكاری بۆ ریشەكیشكردنی بەعس لەلایەن ئەو هیزانەوە كە ئاماژەیان پیدرا ناتوانی لە هەولدانیك بۆسازش لەگەل ئەم ناسونالیزمەدا شتیكی زیاتر بیت.

ئیمەو خەلك وریشەكیشكردنی بەعس

خەلكی عیراق خوازیاری ئازادی ویەكسانی‌و خۆش گوزەرانین، بەم مانایەش ئەوان وەك تەنها تەرەفی سەرەكی خوازیاری ریشەكیشكردنی بەعسن لەبناغەوە. بۆئەوان بەعس‌و رژیمەكەی بەمانای ئیستبدادی قەومی‌و سەركوتی خویناوی‌و نەبوونی ئازادی‌و ئەوپەری بیمافی‌و چەوسانەوەو هەلاواردن وئاپارتایدی جنسی‌یە. بەمانای دریژەكیشانی حوكمی ئیسلام‌و حەملەی ئیمانی‌و شەرو پەلامارو نائەمنی كۆمەلایەتی‌یە. بۆئەوان بەمانای دریژەكیشانی زیندان‌و ئیعدام‌و كیمیاباران‌و بیسەروشوینكردنی هەزاران ئینسان‌و گۆرە بەكۆمەلەكانە. بۆئەوان بەمانای هەژاری وبیكاری‌و نەبوونی‌و برسیتی‌و ناعەدالەتی ئابووری‌و كۆمەلایەتی‌یە. هەربۆیە خەلكی عیراق قازانج‌و بەرژەوەندی خۆیان لەریشەكیشكردنی تەواوی لایەنەكانی رژیمی بەعسدا دەبینەوەو وەك پەیگیرترین تەرەف‌و لایەنی ئەم مەسەلەیە رادەوەستن. جەوهەری ئەم ریشەكیشكردنەش بەلای خەلكی عیراقەوە بریتی‌یەلە كوتایهینان بە دەسەلات‌و سیستەمیكی سیاسی وئابووری وكۆمەلایەتی كە ناسیونالیزم‌و نەتەوەچیتی لەپشتەوە راوەستاوە. بەواتایەكی‌تر ناسیونالیزم‌و بەعسیزم ئەوبەلایەن كەتەجروبەیەكی خویناویی وبرینیكی گەورەیان لەجەستەی كۆمەلگای عیراق هەلكەندووە، ریشەكیشكردنی بەعس دەبی بەدەستكۆتاكردنی دەسەلات‌و سیاسەت‌و فەرهەنگی هەموو جۆریكی ناسیونالیزم‌و نەتەوەچیتی‌و دورخستنەوەی كاریگەرییان لەسەر ژیانی خەلك‌و كۆمەلگا بگات. دەبی كۆمەلگا ویاساو دەستورو ماف‌و پەیوەندی نیوان ئینسانەكان لەنەتەوەچیتی پاك بكریتەوەو لەسەر بناغەی هەویەتی ئینسانی‌و كۆمەلایەتی ئینسانەكان پیناسەبكریتەوە. ئەمە ئەو دەرسەیە كە جەماوەری خەلك لەعیراق‌و كوردستاندا لە باسی ریشەكیشكردنی بەعس دەبی بیگرن. كەمتر لەمە بەعس‌و بەعسیزم لەنیو ژیانی كۆمەلگادا بەم یان بەوشیوەیە لەلایەن ئەم یان ئەو حیزب‌و بزوتنەوەیەوە دریژە بەخۆی‌دەدات‌و ئاكامە زیانبارەكانی خوی بەرهەمدینیتەوە. بۆبەرگرتن بەم ئایندەیەو بۆریشەكیشكردنی یەكجاری بەعس وناسیونالیزم، هاوكات بۆ بەدیهاتنی ئازادی ویەكسانی وژیانیكی باش، بەدەستەوە گرتنی سەنگەری حیزبی كۆمۆنیستی كریكاریی عیراق لەلایەن خەلك‌و هەر ئینسانیكەوە كەنایانەویت ژیان‌و داهاتووی خۆیان تەسلیم بەپاشماوەكانی بەعس‌و هەررژیمیكی تری هاوشیوەی ئەو بكەنەوە.. ئەركیكی پیویست‌و حەیاتی‌یە.